پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

# Parti socialdemokrati Kurdistan (PSDK)

## بەڕێزان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

لە ١٧ سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢ دا پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە داگیرکەری کوردستانە دەستیان گەیشتە کەسانی ڕابەر و تێکۆشەری ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە دونیایەکی ئاوەڵە و دیموکراتدا خوێنی کوردیان ڕژان.
تیرۆرکردنی سادیق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی و هومایۆن ئەردەڵان و هەروەها وەرگێڕەکەیان نوری دەهکوردی، لە ڕێستەورانی میکۆنۆس لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا پەڵەیەکی شەرم و بکوژییە لەسەر ڕووی داگیرکەرانی کوردستان.
ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)، ئەم تاوانە دەخەینە پاڵ تاوانەکانی وەکوو تیرۆرکردنی قاسملۆ، سەدیقی کەمنانگەر، بەکۆمەڵکوشتنی قارنە و قەڵاتان، هەڵەبجە و ئەنفال و شەرناخ و بۆمبارانکردنە ڕۆژانەییەکانی دوژمنان و داگیرکاران کە دژ بە نەتەوە و خاکمان دەیکەن. کەسانی وەکوو کاظم دەرەبی و عەباس ڕەحەیل و یوسف ئەمین و محمەد ئەریس و عەلی فەلاحیان تەنیا و تاکە بەرپرس نیین. دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەر و کەسایەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاوانباری یەکەمن.
هاوکات وێڕای سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی ئەو هاوڕێیانە و لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ئەوانەی بە شێوەیەك خۆیان بە هاوخەم و هاودەرد و هاوچارەنووس دەزانن، دووپاتی دەکەینەوە کە تەنها ڕێگای سەرکەوتن تەبایی و پێکەوەبوون و هەبوونی ستراتیژیەکی کوردستانییە. داوامان بۆ ڕۆیشتنە دەرەوی سوپای داگیرکەر لە کوردستان لە خزمەتی ئەو ستراتیژییە کوردستانییەدایە.

- شکۆدار بێت ساڵیادی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ئەو و سەرجەم تیرۆرکراوانی نەتەوەکەمان
- پیرۆز بێت خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد
- بڕووخێت دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەر لە کوردستان

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
بەشی پێوەندیەکانی دەرەوەی وڵات
٢٠٠٨/٩/١٧

---

info@psdkurdistan.org
www.psdkurdistan.org